www.kurdistannet.org

16-8-2007 22:09بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**نەخۆشی تالاسیمای منالان و بەهرەی دەنگ خۆشان... وەرگێرانی: شێرکۆ ئەحمەد**

باوکم دەزانێ کە دەمرێ بەم نزیکانە

لە نێوان گفتو گۆی خێزانەکەماندا باس لەوە دەکرێ ئەو داواکاریەیی کە لە هەموو داواکاریەکانی تری





پێ جوان و گەورەیە خوازیارین بەئەنجام بگەیەنرێ کە ئەویش کۆ کردنەوەی کۆی گشتی خێزان و باوانی یەتی تا لە کۆتایی ژیانیدا بە تەبایی و ئاشتی شاد بێت.
ئەمە لە یەکێ لەو دیدارانەی کۆتایی کە لە گەڵ خاتونە {جولیانە } ی کچی { لوچانۆ پاڤەرۆتی } گەورە ناوداراو بەتوانا لە بواری خۆش بێژی دەنگ و ئاوازی ئیتالی لە ئاهەنگی ئۆپێرا و ئاهەنگی لیریکی دا لە توێی پەیوەنی کردنی بە باوکێوە لە تەلەفۆندا پاڤەرۆتی دەبێژێ: باشترم و خەریکی چارەسەرم.

ساڵێك پێش پاڤەرۆتی نەشتەر گەری کرا لە دوای ئەوەی کە ئاشکرا بوو نەخۆشی شێرپەنچەی پەنکریاسی هەیە و لە ژێر سستی و بێ ئارامیدا گۆشە گیرە.

لەو وێنانەدا بەدی دەکرێت کەرێکلام دەکراو بەدی دەکران دوای نەشتەر گەرێکەی کە نزیکەی { ٣٠ } کیلۆگرامی کەم کردوە و پێوستی بەدانشتنی سەر ڕەورەوە بوو بەڵام جولیانە دوپاتی دەکاتەوە کە هێشتا باوکی گەلێ بەهێزە.

دوای ئەوەی لەسەرەتای ناسراوی دەنگە دەنگ دارەکەی پاڤەروتی یەکەم هاوسەری دەگرێ کە دەبێتە باوکی سێ کچ و جولیانە کچی گەورەیەتی و { لۆرێنسە } کچی دووەمی { کرستینە } کچی سێ یەمی، پاڤەرۆتی دوای چەند ساڵانێ ژنی دووەم دێنێ { نیکۆلێتە } کە لەم هاوسەرەی دەبێتە باوکی { ئەلیچێ } ی کچە بچوکی.

ئێستا بەیانیانی بە وەرزشی دەنگ و وەرزشی فیزیکی و نیوەڕوانی لەگەڵ کچانی گەورەیی و دوا نیوەڕۆ خەریکی وانە وتنەوە لە گەڵ سێ چوار قوتابی داو دەم ئێوارانی لەگەڵ هاورێیانی خۆ بەیاری کارت { وەرەقە } خەریك دەکات و یاخود لەگەڵ ئەلیچێ ی کچی و نیکۆلێتەی خێزانی دا ئێواران بەسەر دەبات *

وە هەر بۆ زیاتر زانین سەبارەت بەم ناوادرە پێوستمان بە زانینی کەمی لە بیوگرافیاکەی دەبێت،

لە دایك بووی ١٢ / ١٠ / ١٩٣٥ مۆدێنە / ئیتالیا،

یەکەمین پرۆڤەی دەنگی لە تەنیشت باوکە نانەواکەیەوە دەست پێ دەکات کاتێ کە باوکی لەگەڵ کارەکەیدا تاو ناتاوێ دەنگی هەڵدەبرێو دەکەوتە گۆرانی، ئارەزوو و خۆشەویستی بۆ گۆرانی و هاو دەنگ کردنی باوکی وای کرد کە ئەویش گوێ بیست و ئارەزووی بۆ گوتن بجولێ، ئەوکاتە { لوچیانۆ پاڤەرۆتی } کورە نانەوا هەست بەوە دەکات کە ئەویش نەغمەی وتنی تێکەڵی بۆ ئۆپێرا دەشێ و لە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

یەكەمین فرسەتی دەست گیری دا كە بۆ پێش بڕكێیەكی نێو دەوڵەتی تەرخان دەكرێ بە پەرۆشەوە خۆی ئامادەی بیستن و گوێ ڕادێری دەبێ و ئاوێتەی گووتن و چریكەی ئۆپێرا و بوێژی لیریكی دەبێت،
بۆ یەكەم جار بەژداری لە ئاهەنگی مۆزیكی دەكات لە شانۆی { ڕێچۆ ئمیلیا } لە ئاهەنگی ئۆپێرای { لە بوهێمە } لە ١٩٦١/٤/٢٩ نوسینی { هێنری مورجر } فەرەنسی { ١٨٢٢ / ١٨٦١ } كە تێیدا دەوری { ڕۆدۆڵفۆ } دەبینی،
لە هەمووشارەكانی ئیتالیا و دوا بەدوای ئەو لە هەموو ئەوروپاداو لە شارە گەورەكانی وەك { ئەمستەردام، ڤیێننا، زویرغ، لەندەن } گوێ بیستێكی زۆری بۆ پەیدا دەبێت تا دەگاتە بەهایەكی جیاواز بە پلەیەكی جیاواز.
لە ساڵی ١٩٦٥ لە مەیامی لە وڵاتە یەك گرتوەكانی ئەمەریكا كە لەگەڵ پێش كەش كردنی ئۆپێرای { لوچیە دی لامێرمۆڕ } نوسینی { سەڵڤەتۆرێ كاممەرانۆ } و مۆزیكی { گاێتانۆ دۆنی زێتی } و هاوكاری دەنگی و چریكە ناودارەكەی { دامێ جۆن سوپهێرلەند } لەدایك بووی ٧ /١١ /١٩٢٦ سدنی كە كەم كەس دەنگی شیاوو لەباری ئەوی هەیە بۆ ئۆپێراو ئاهەنگی لیریكی كە هاوكات بۆیە بەشێكی گەورەی سەركەوتنەكانی لە شانۆ ئۆپێراكانی سان فرانسیسكۆ و نیۆرك كە لە هەموو دنیای ئاوازو دەنگدا دەنگی پەیدا كرد و خۆشەویستانی ئۆپرای لێ نزیك بوونەوە.
لە ١٧/٢/١٩٧٢ توانای بێ ئەندازەی پاڤەرۆتی دەكەوێتە پێش گوێ بیستانی لە كاتی پێش كەش كردنی ئۆپێرای { كچەكەی ڕێجیمنت } لە شانۆی { مێترۆپۆلێتان } لە نێۆرك كە یەكێكە لە ئۆپێرا ناودارەكانی فەرەسی لە نوسینی { گایەتانە دۆنی زێتی } { ١٧٩٧ / ١٨٤٨ } كە هاوئاهەنگی گەورەترین ئۆكسترای جیهانی دەكردوو لە شانۆ گەورەكانی جیهاندا،
دەنگی تێكەڵ بە بیستیاران و خۆش خوێنانی ئۆپێرا دەكرد كە دەنگی شیاوی بۆ ئاهەنگەكانی ئیتالی و دیالێكتی ئیتالی { ناپۆلیتانۆ } دەگونجاو زیاتر گوێ بیستی دوای ئەو ئاهەنگە بێ ئەندازە زۆر بوو.
بۆ پێش كەش كردنی پەخشی تەلەفیزۆنی لە چیرۆكە سەرەتاییەكانی ئەمەریكا و بەرنامەی { ژیان لەگەڵ هەركەسێ كە دێ } لە ساڵانی ١٩٧٧ لەگەڵ { پلاچیدۆ دۆمینیگۆ } لە دایك بووی {٢١/١/ ١٩٤١ } ئیسپانیا كە گۆرانی بێژو و دەنگ خۆشی ئۆپێرای كۆمیدی و شارەزای پیانۆ بەهێزەكان لە یادی تێپەڕبوونی ٢٥ ساڵەی كارە هونەرێكانیان لە پایزی ١٩٩٣ ئاهەنگ و كارەكانی خۆیان دوپات كردەوە وەك كارێكی تەلەفیزیونی لە نیۆرك.
لە پاركی { هایدێ } لە ئنگلتەرا بۆ یەكەم جار لە تەمەنی ئەم پاركەدا ئاهەنگی لە مۆسیقا كلاسكیەكان گێرا كە ٢٥٠ هەزار گوێگری تێیدا ئامادە بو كە شا { كاڕلۆ } ی ئنگلتەراو خاتوو { دیانە } ی خێزانی تێدا بەشدار بوون.
لە مانگی شەشی ١٩٩٣ دا لە ناوەندی پاركی نیۆرك كە ٥٠٠ هەزار گوێبیست ئامادە بون و لە كەناڵەكانی تەلەفیزۆنی جیهان و و ڕادوێی ئەمەریكا هاو كات بە ملیۆنەها كەس گوێ داری بوون.
هەر هەمان ساڵ لەمانگی سەپتمبەردا لە ژێر سێبەری بورجی { ئیڤل } لە پاریس ئاهەنگێكی تازەی ئامادە كرد.
لە دوای ساڵی ١٩٨٠ پاڤەرۆتی چەشنی مامۆستایەكی لێزان خاوەنی چەندین قوتابی كە مەشقی دەنگ و گونجانی هەڵبڕین و دابەزین و چۆنێتی بەكار هێنانی نەغمەیان دەكات كە لە چەندین شانۆی

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

16-8-2007 22:09بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

جیهاندا گوێبیستانی دوای نە بوونی شوێن بۆ دانشتنیان و گویّ گرتنیان بە پێوە ڕادەوەستن بە درێژایی ئاهەنگەکانی.
لە دوای ساڵی ١٩٩٢ وەك خۆ بەخشیّ ئاهەنگ لە گەڵ ڕێخراوی { بێرڵۆنی } چاکە گەرێتی دەکا بۆ کۆ کردنەوەی چەند سەرمایەیەك کە لە پێناو منالآن و هەژاران و ژنانی بیّ دەرەتان وەك هاری کاری و هاوکار و کۆمەك بۆیان بەشێوەیەکی گشتی ئەو منالآنەی کە نەخۆشی {تالاسیما } یان هەیە تا بتوانیّ لەڕێگای دەسکەوتی ئاهەنگەکانیەوە چارەسەریان بکات،
دوابەدوای ئەم کارە بەردەوامی وەر دەگریّ و ئاهەنگی جودا جودا دەگێڕیّ لە پێناو منالآنی دوای جەنگ لەگەڵ ناوداران چەشنی { ئێلتۆن جۆن } ی ئنگلیزی لەدایك بووی {٢٥ / ٣ / ١٩٤٧ } کە بۆ منالآنی بۆسنیەو ئێرزیّ گۆڤینا دەنێرا بۆ شاری { مۆستەر } کە سەنتەری موزیکۆ تراپی یە.
دوای ئەم کارەی هاوکات لەگەڵ دوو ناوداری تری جیهانی لە ئۆپێراو ئاهەنگی لیریکی دا لە { مۆدێنە } ١٩٩٧ ئاهەنگێکی تازە دەگێڕن بە ناوی سیّ دەنگ دار لەگەڵ { دۆمینگۆ } و { کەرڕێڕەس } ٥ / ١٢ / ١٩٤٦ لە دایك بوی ئسپانیا کە هەردوو لە گەورەترین ناودارانی ئۆپرای جیهانن کە دەر وەخت دەرامەتی ئاهەنگەکەیان بۆ تازە کردنەوەی هەردوو شانۆی { لە فێنی چیّ } ڤێنێسیا و گەورە شانۆی { گرانتیاترۆ دێل لیچێو } ئیسپانی دەبەخشن تا لە دیمەن و بەهاکانی هەردوو شانۆ وەك بیناو وەك مێژوویان لە کۆن بوون بە دوور بمێنن.
لە هەمان ساڵدا وڵاتانی یەگرتوو نازناوی سەفیری ئاشتیان پیّ بەخشی بۆ هەموو ئەوکارانەی کە ئەنجامی داو لە پێناو کەسایەتی هۆشیارو ئاشتی خوازی و گیانی هاوکاری خۆ بەخشی کارەکانی.
لە ساڵی ١٩٩٨ دا نازناوی کەسی ساڵی پیّ دەبەخشریّ و لە هەمان ساڵدا بۆ منالآنی لێبیریا ئاهەنگێکی تر ئامادەدەکاو لە ساڵی ١٩٩٩ بۆ منالآنی {گواتێمالە و کۆسۆڤۆ }
لە ساڵی ٢٠٠٠ دا بۆ منالآنی{تبت و کەمبۆجای ڤێتنام }.
لە ڤیستڤاڵی ٥٠ ساڵەی { سان ڕێمۆ } ساڵیّ ٢٠٠٠ پاڤەروتی بەژداری دەکات بۆ یارمەتی دانو نەهێشتنی قەرزەکان لە سەر وڵاتانی جیهانی سیّ یەم.
دوا بەدوای ئەم کارەی وەك هاوڕێیەکی ئەفغانیەکان ئاهەنگێکی تازە دەگێڕیّ لە پارکی { نۆڤی ساد } لە شاری مۆدێنە لە ئیتالیا بۆ هاری کاری کرنی منالآنی دوای جەنگ و هەژاران و پەنابەرەکان لە هەر کوێیەك هەن. *

* وەرگێراو لە ڕۆژنامەی CORRIERE DELLA SERA
* وەرگێراو لە ئەرشیفی تەلەفیزۆنی RAI UNO

شێرکۆ ئەحمەد
Italia / bolzano
sherko@hotmail. it

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

16-8-2007 22:09بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.